

# پەریلە

**سەلاح نساری**
**(بۆکان)**

لەگەڵ پەری دەستە خوشکم لە باخچەکەدا خەریکی خزمەتکردنی ئەو گوڵانە بووین، کڕیارەکان لە ئێمەیان دەکڕی. ئەوانیش بە دیاری دەیان دا بە دڵخواز و ئازیزی خۆیان، یان دەیانبرد بۆ سەر گڵکۆی جوانەمەرگ و گۆڕ غەریب و چووزانم ئەوانەی وا دیدار ئاخر بوون.

ئێمە سەرقاڵی کاروباری خۆمان بووین. بەدەم قسە و پێکەنینەوە چەپکەگوڵمان دەبەست و چڵ و چێومان هەڵدەوەژارد و هەرزە و پەرزەمان دوور دەخستەوە. بیرمان لە داهاتوویەکی ڕەنگین و شیرین دەکردەوە. گوڵ و گەڵا بەدەم شنەباوە وەک کیژۆڵەی تازە خۆناسیو لەنجەیان دەکرد. نەک هەر ئێمە، پەلەوەرانیش ئەو باڵندە کۆچەریانەش بەسەر سەرماندا ڕادەبردن، بەو بێن و بەرامەیە سەرخۆش و مەست دەبوون.

خێزەرەی ئاوی جۆگە و قەمتەرەکانیش ئازاری دڵی خەفەتبارانی ڕادەماڵی. ئاخ پەری گیان، ئای چەندە دڵت بەو گوڵانە خۆش بوو. دنیا بۆ تۆ و لە پێش چاوی تۆ گوڵ و گەڵا بوو، جوانی بوو، ئاوات و ئارەزوو بوو، شەقام و کۆڵان، بەرهەیوان و داڵان، بەر پەنجەرە و تەنانەت سەربانەکانیش بە گوڵ داچێنی. دنیات بە گوڵ دەبینی. ئاخ پەری گیان پەریلە، کەی من و تۆ بە بیر و مێشکاندا دەهات ئەو ڕۆژگارە بێتە پێشێ، ئەو سەردەمە ببینین؟ چما ئاواتی من و تۆ هەر ئەوە نەبوو، ماڵەکەمان، کۆڵانەکان و بگرە هەموو شارەکەش بکەین بە گوڵ؟ ئەی بۆ وامان لێ هات؟ بۆ وامان بەسەر هات؟ پەریلەکە، پەریلە گیان، لە بیرتە ئەوان بە دەنگی ئەڵڵاوە هاتن،

بە سروودی ئاسمانییەوە هاتن. بە ئایەتی ڕدێن و شمشێرەوە هاتن. بە موژدەی حەفتا و دوو پەری و شەڕابەنتەهوورەوە هاتن؟ لە بیرتە، یان بە بینینی ئەوان؛ بە ئایەتی گوڕاندنیان کاس بووی، هیچت لە بیر نەماوە؟ من ئێستاش وا هەست دەکەم، پێکەوە دانیشتووین و چەپک چەپک خەریکین گوڵەکان دەبەستین. بەهەر لایەدا دەڕۆم شێوەی تۆم لە پێش چاوە.

لە بیرتە وەختێک باخچە پڕ لە گوڵەکەیان بە وێرانی بەجێ هێشت و بە ژێر سێبەری پیرۆزی ئەڵڵادا بردیانین، دارستانەکە لە نەشە کەوت؟ بلبلەکان نەیانخوێند و کەوەکانیش لە قاسپە کەوتن؟ تۆش ئاگات لێ بوو سروە نەبزووت و خەندەی ئەو منداڵانەی گوێیان لە گریان و زریکەی من و تۆ بوو، بوون بە پارچەیەک سەهۆڵ؟ لەبیرتە بە هەر لایەکدا دەهاتن و ڕادەبردن، پەڕۆی ڕەشیان هەڵدەواسی؟ بە بینینی ئەوان خونچەکان بزە نەدەکەوتە سەر لێویان و چرۆکانیش دەپووکانەوە؟ ئاگات لێ بوو چۆن پەڕاوەکانیان دەسووتاند و شمشاڵیان دەخنکاند و تەلی تارەکانیشیان قرتاند؟ من ئەوانەم هەموو لە بیرماوە. لە بیرمە گوێزان و تیخی ڕدێن تاشینیان حەرام کرد. لەو ڕۆژەوە بازاڕی حەرام گەرم کران. گوڵ حەرام، دڵ حەرام، بە لەنجە ڕۆیشتن حەرام، خۆ شووشتن حەرام. تێڕامان و سەیری ئاوێنە حەرام، بیرکردنەوە حەرام. داری مێویان بڕی و ترێ و قۆرەش هەر حەرام کران. دەستی ئەو ژنانە قرتان ترشیان لە کووپەکاندا دادەنان. حەرام لە دوای حەرام. قەڵەم و کتێب، قوتابخانە و جامخانەش حەرام. پەریلەکە، مەزڵوومان خودایەکیان لە بانی سەر هەیە. زاڵمان خودای سەر زەوین، کەچی دەڵێن ئەویدیش خودانی ئێمەیە.

پەریلەکە، بەر لەوەی بگەینە ئەو دۆزەخەی ئەوان ناویان نابوو بەهەشت، من ئەو شتانە، ئەو حەرامانەم بە چاوی خۆم بینی و بە گوێ بیستن. ئاخۆ ئێمە شایانی ئەو ڕۆژە ڕەشییە بووین؟

ئاخۆ نییەت و هیوایەکی خراپمان لە دڵدا بوو؟ خەڵک دەڵێن دڵ ئاوێنەی دڵە، منیش دەڵێم مرۆڤی ژیر ئەو کەسە خۆی لە ئاوێنەدا ببینێت. تۆ دەزانی وەختێک بە دەوری ئەو گوڵانەدا دەهاتین و ئاومان دەدان و دەستمان بەسەردا دەهێنان، چەندە جوان دەگەشانەوە، وەک پەنگرێک شنە باڵی وەسەر بکێشێ، وەک کۆرپەیەک دایک بیلاوێنێ، وەک چڵووکی چنارێک سروە ڕایبژێنێ، وەک ترۆپکی شاخێک زەردەی بەیان سیپاڵی شەوی لەسەر هەڵداتەوە.

ئاخ پەریلەکە بۆ وامان بەسەر هات؟ چاوان دەگێڕم و ناتبینم، کەچی دایمە وا هەست دەکەم شان بە شانم دانیشتووی، تۆبڵێی تاوانی چ گوناحێک لە گەردنمان بێت؟ چما ئێمە خزمەتی گوڵمان نەدەکرد؟ دڵی خەڵکمان خۆش نەدەکرد؟ بێنی گوڵمان لە سینگ و بەرۆکی ئەو خەڵکە و تەنانەت لە کووچە و بازاڕیش نەدەپژاند؟ ئەی ئەوە چ بەڵایەک بوو ئاوقامان بوو، بۆ کەوتینە ئەم ڕۆژگار و دۆزەخەوە؟

پەری گیان، پەریلەکەم، بڕیارم داوە لەوڕۆوە باسی ئەو ڕۆژەی خۆم و خۆت بۆ هەموو کەس بگێڕمەوە، نەیشارمەوە. ئەم چیرۆکە بۆ دار و بەرد و خوێندەوار و نەخوێندەوار و ئیماندار و بێ ئیمانیش وەخوێنم. چی شەرم؟ شەرمی چی. نانا، شەرمی پێناوێ، چیمان بەسەرهات لە سەگ و پشیلەشی ناشارمەوە. بۆچی بۆچی شەرم بکەم، لە چی شەرم بکەم، لە خۆم، لەو

خەڵکە؟ لە خزم و کەس؟ لە خودا؟ نەخێر لە کەسی ناشارمەوە، با هەموو کەس بزانێ پیاوەکان، بەڵێ پیاوە مەبارەکەکان، پیاوە ئیماندارەکان، چۆن بە بستێک ڕدێنی پیرۆزەوە بە موژدەی شەفاعەت و نوورانییەوە، بە ئەمری خوداکانیان، هاتن و خۆیان کرد بە باخچەکەدا و گوڵەکانیان کوشت، من و تۆیان لەگەڵ خۆیان برد. ئێستاش گوێم لە زریکە و هاواری گوڵەکانە، ئێستاش خوێنی پەلکە گوڵەکان لەوکاتەدا کە بنیان دەپژاندن، دەیانکوشتن، وەبن پێیان دەدان، بەسەر ڕوومەت و شان و قۆڵمەوە ماوە. ئای پەریلەکە، نازانم ماوی، لە ژیاندای، لە کوێی؟

پەریلەکەم، ئەوە سەری خۆم هەڵدەگرم و دەڕۆم، دەڕۆم و ناشزانم ڕوو لە کوێ دەکەم، بەڵام لە هەر جێیەک وچان بدەم، بگەمە هەر شتێک کە خاوەنی دڵ و گیان بێت، چیرۆکی خۆم و خۆتی بۆ دەگێڕمەوە.

دوای ئەوەی ڕزگارم بوو بە چۆڵ و کێواندا، بە ڕووبار و لێڕ و زەرد و نەیاندا، هاتم، هاتم، بەڵکوو بگەمەوە زێد و لانکەی ژیانم، بەو ئاواتەی جارێکی دیکە چاوم بە باخچەکە بکەوێتەوە. پەریلەکەم ببینمەوە، بەڵام دڵم دەڵێ تازە هەرگیز نایبینییەوە. ئەو زیڕەیە، بەڵێ ئەو کاتەی من و پەریلە، هەر یەکەمان پیلێکمان بە دەست یەکێ لە پیاوە پیرۆزەکانەوە بوو، بە جیا بۆ حەرەمسەرای خۆیان دەیانبردین، بۆ ئەو ژوورەی بۆنی ڕیش و چڵک و پێڵاو و گۆرەوی کاسی کردین. ئەو ژوورەی لە دوورەوە بۆنی تاریکی لێ دەهات. دڵنیام پەری گیان نەماوە. ئەو زریکەی من بیستم زریکەی مەرگ بوو.

شەکەت و ماندوو لە تەنیشت خوڕێنێک ڕووبەڕووی تاڤگەیەک دانیشتم و ئاوا باسی خۆم و پەریلەم بۆ گێڕایەوە: دوای ئەوەی باخچەی گوڵەکان وێران بوو، من و پەریلەیان لەگەڵ خۆیان برد. زۆر و کەم ڕۆیشتین، گوێت لێمە تاڤگەی خوڕێن گوێت لێمە؟ بەڵێ هەر یەکەیان لە دیوێک کردین. دیوێک پەنجەرەکانی بە ئاڵای ڕەش کوێر کرابوون، ئیدی نەمزانی شەوە، یان ڕۆژ، ئاگر بەربووە گیانم. بە سەرە نێزەکانیان جەرگیان هەڵدڕین. پەریلەش هەروا. نە یەک و نە دووان، نە حەوت و نە هەشت. ئیدی من ئاگام لە دنیا بڕا. نازانم ماوم، یان مردم. ئاسمان بە سەرمدا ڕووخا. دنیام لێ بوو بە دۆزەخ. بە نێو پەنگر و دووکەڵ و خوێن و ڕیش و عابادا ڕامکرد. لەسەر پۆلووی ئاگر هەڵچۆقام، برژام، بۆچڕووکی پێست و گۆشت و خوێن کاس و گێژی کردم. وەبیرم هاتەوە هەتا سەعاتێک لەوەپێش، هەتا دوێنێ، هەتا چەند چرکە لەمەوبەر من ئافرەت بووم، کچ بووم، مرۆڤ بووم، گیانلەبەر بووم. ئەی ئێستا چیم؟ من، من هەرگیز وەک دەستە خوشکەکانم، تەنانەت وەک دایکیشم ناڵێم بریا من ئافرەت نەبووبام. گوێت لێمە تاڤگەی خوڕێن؟ یان تۆش دەنگم نابیستی؟ وەختێک سەرم بەرز کردەوە تاڤگە بەحەواوە وشک هەڵاتبوو.

ماوەیەک دواتر، ئەم چیرۆکەم بۆ حەزرەتی نالی گێڕایەوە، خۆڵەمێشی سەر برینی لادرا و پشکۆی حەبیبەی گەشایەوە. بۆ پیرەمێردم خوێندەوە، بە دەست و داوێن باوەشێنی ئاگری نەورۆزی کرد. بۆ (هێمن)م باس کرد، چەند کۆپلەی دیکەی خستە سەر ناڵەی جودایی. مام هەژار ئەم چیرۆکەی لێ بیستم، بەسەر دیوانی بۆ کوردستاندا گریا. بەدەم سیاچەمانەوە بۆ (مەولەوی)م گێڕایەوە، وتی: ئەگەر عەنبەر خاتوون بیژنەوێ، ئاگر دەگرێت. لەسەر مەزاری (زیرەک)ی نەمر باسی ئەم کارەساتەم

کرد، دەستی لە بناگوێی نا و کردی بە خاڵەی ڕێبوار. وەختێک بۆ مەولانام خوێندەوە قرچە لە نەینامەکەی هەستا و قامیشەڵانێک ئاگری تێبەر بوو. بۆ مەلانی کۆچەریم خوێندەوە، بۆ هەڵۆم خوێندەوە، بوو بە خاڵک بە تەشقی ئاسمانەوە. بۆ گورگم باس کرد، ددانەکانی هەڵوەرین. بۆ قەنیل و شاهۆ و نەکەرۆز و تەرەغەم خوێندەوە، لەرزین و بە سەدان تاشەبەرد گلۆربوونەوە. گەڕامەوە، گەڕامەوە، بۆ زۆزان و گەرمیان و شەنگالم گێڕایەوە، مەسحەفا ڕەش، سووتا و مەلەک تاووس ئەسرینی داباریـن و دنیا دەنگی دایەوە. بۆ شلێرە و گوڵاڵەسوورەی دەرودەشت و کوێستانم خوێندەوە لە حاستی خۆیان سیس بوون و بەلادا هاتن. بۆ ئەستێرەکانم گێڕایەوە، ڕاخوشین و لە چاو ون بوون. بۆ قەرەجەکانم باس کرد، دوای گرتنەوەی تالعەیەک سەری خۆیان هەڵگرت و نەگەڕانەوە. بۆ دایکە ڕەشپۆشەکانم گێڕایەوە بەرۆکی خۆیان دادڕی.

پەریلەکە، ئەم چیرۆکەم بۆ خۆم گێڕایەوە، بەرگەی بیستنیم نەگرت و ڕووخام. وێران بووم، بووم بە کۆیەک لە ئاگر، لە هاوار. ڕووبارێک لە فرمێسک. بووم بە پرچە سپییەکانی هەموو دایکانی کۆس کەوتە، بووم بە گڕکان، بووم بە مانگ بە تاقی ئاسمانەوە، هۆن هۆن ملوانکەی ئەستێرانم هۆنییەوە. لە چوار قوڕنەی دنیاوە منیان بینی. جا نازانم پەریلەکە ئاخۆ تۆش بەرگەی بیستنی ئەم چیرۆکە دەگری وا بەسەرمان هات؟

ئاخ پەریلەکە، چەندە بێزارم لە نێوی پیاو، لە نێوی نێرینە و چەندە ڕقم لەو مرۆڤە ناوگەڵ برسی و چاونەزێرانەیە. تۆ دەزانی پیاوە پیرۆزەکان چۆنن، بە قسەیان بکەی ماڵت دەخۆن، لە قسەیان دەرچی خوێنت دەخۆن. پەریلەکە، لەبیرتە جارێک وتت: ئێمە هەموو ڕۆژێک سەرەڕای خزمەتکردن، ئەو گوڵانە دەبڕینەوە و دەیانفرۆشین. تۆبڵێی خودا جەزای ئەوانمان لێ نەستێنێ؟ لە بیرتە پەریلەکەم، من نازانم خودا کەی جەزا دەستێنێ، دە باشە ئەگەر خودا جەزا ئەستێنە، جەزای ئێمە قورسترە، یان ئەو ڕیش پیرۆزانەی من و تۆ و هەموو گوڵەکانیان لاقە کرد و ئەتکیان کردین، کەی ئەو دادە دەپرسێ؟ ئەو دۆسییانە بۆ کەی هەڵدەگیرێن؟ ئاخۆ تەپوتۆزی زەمان دایانناپۆشێ؟ من، من ئەگەر ئەمڕۆ دادم نەپرسن، سبەی بۆ چیمە! من ئەمڕۆ بریندارم، ئەمڕۆ برینم کولاوەتەوە و دیسان وێران بوومەتەوە. تۆبڵێی ئەمڕۆش هاواری من نەبیستن؟ هاواری خۆم بە گوێی دنیادا دەدەم. حەقی خۆم دەستێنم.

تۆ وتت: خودا حەق دەستێنێ، تۆڵەی بزنی کۆڵە لە بزنی شاخدار دەستێنێ، تۆڵەی لێ دەکاتەوە. من نامەوێ کەس تۆڵەم بۆ بکاتەوە.

تۆ وتت: خودا دەستی زاڵمان ڕەق دەکات. ئەی بۆ تا ئێستا نەمدیوە دەستی کەسێکی وشک کردبێت. نەمدیوە دوعا و نزای کەسێک گیرا بووبێت. وا دیارە ئێمە مرۆڤەکان ئیمان و باوەڕمان لاواز بێت. دەی ئەگەر لاواز نییە، تا ئێستا دیتووتە نزای کەسێک وەرگیرابێت. تۆ وتت: دوعای منداڵەکان گیرا دەبێ. من دەڵێم منداڵەکان زاڵم نین، دڵ ڕەش نین. ئەوان جارێ نەبوون بە پیاو، ڕدێنی مەمبارەکیان سەری دەرنەهێناوە. ئەوان پەپوولەن، ئەوان غەدریان نەکردووە و تاوانبار نین. پەریلەکە، ئەوەندە بزانە لەو دنیایەدا هەر پەریەکان و منداڵەکان تێدا دەچن. پەریلەکە، نازانم تۆ دەبینمەوە یان نا، دڵنیام هەردووکمان بە باخچەکە شاد دەبینەوە، گوڵەکانیش دەڕوێنەوە.